# كۆتایی كۆنگرەی سێیەمی حزبی كۆمۆنستی كریكاریی عیراق سەركەوتن و دەستكەوتیكی پیشرەوانەیە.

نوینەرانی كۆنگرەی سێیەمی حیزبی كۆمۆنستی كریكاری عیراق، لە هولی فەلەستین میردیان، لە شاری بەغداد ئیوارەی 2005/4/14 لە پال وینەی ماركس‌و مەنسور حكمەتدا، بەو پەری شۆرو شەوق‌و شانازیەوە بە سەركەوتویی كۆتاییان بە كۆنگرەكە هینا.

ئەم كۆنگرەیە دەستكەوتیكی پیشرەوانەو نیشانەی حزوری حیزبیكی سیاسی جدیە لە مەیدانی وەزعیەتی سیاسی سەخت‌و نالەباری ئیستای عیراقدا، نیشانەی هەلسورانی حیزبیكی سیاسیە بۆ وەلام بە كیشەو مەسەلە سیاسیەكانی هەر ئیستای عیراق، بردنە پیش‌و بەهیزكردنی خەباتی كریكاری‌و ریزی كۆمۆنستی‌و ئنسانی‌و رادیكالە، خەباتە بۆ رزگاری خەلكی عیراق لە وەزعیەتی مەینەتی‌و نائەمنی شەری ئیرۆرستان.

باسە سیاسیەكانی كۆنگرە دەربارەی چونە دەرەوەی هیزەكانی ئەمریكا، وەستانەوە دژی ئیسلامی سیاسی‌و ناسیونالستی، بەرگری لە بنەماكانی كۆمەلگەی مەدەنی، پرۆژەی كۆنگرەی ئازادی عیراق، كۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان، بەهیز كردنی ریكخراوە جەماوەریەكان، فراوانكردنی چالاكی‌و ئۆرگانەكانی حیزب، پتەو كردنی بزووتنەوەی یەكسانی خوازی ژنان... هەنگاوی روو لەپیش‌و رۆشنی نەخشەو ئایندەی خەباتی كۆمۆنیزمی كریكاریە لە نیو كۆمەلگەی عیراق‌و ململانێی سیاسی حیزبە لە نیوان هیزە سیاسیەكاندا.

هەلبژاردنی 46 ئەندام بۆ كۆمیتەی ناوەندی نیشانەی سەركەوتنی كۆنگرەوئامادەیی‌و پیشرەوی حیزب‌و كادرەكانیتی بۆ رابەرایەتی‌وهەلسوران‌و بەجێ گەیاندن‌و ئەرك‌و پەیامی خەباتی كۆمۆنیزمی كریكاری لە كۆمەلگەی عیراقدا، ئحساسی مەسئولیەتە بۆ رزگاری خەلكی عیراق لە ستەم‌و دەردی سەریكانی هیزەكانی ئەمریكا‌و ئیسلامی سیاسی‌و ناسیۆنالست‌و كۆنەپەرستان.

ئەم كۆنگرەیە لە وەزعیەتیكی وەك ئیستای عیراقدا دەستكەوت‌و ئەزمونیكی پر بایەخە كە دەبیت جدی دەستی پیوە بگرین‌و حیزبیكی خاوەن نفوزی بەرینی كۆمەلایەتی لە مەیدانی سیاسی عیراقدا پێ بچەسپینین، حیزبیك ئومیدی رزگاری بەخشی ریزی ملیونی خەلكی عیراق‌و ناوچەكە بیت.

سەركەوتنی كۆنگرەی سێیەم پیرۆز بیت لە هەموو هاورییان‌و دۆستانی حیزب

بژی حزبی كۆمۆنستی كریكاریی عیراق

ئەمجەد غەفور

4/18